# کچان چۆن خۆیان بۆ رۆژی بووکێنی ئامادە دەکەن

**کاتێك کـــچ دەگاتە تەمەنێکی دیاریکراو خەون بەشـــووکردن و پێکهێنانـــی خێزانەوە دەبینێـــت. رۆژانـــە کۆمەڵێك پرســـیاری لادروســـت دەبێت ئاخۆ ئەم کـــوڕەی دەبێتە هاوسەری کەسێکی چۆن بێت و هەروەها چ جۆرە جلێك و ئاهەنگێك بکات لەم رۆژەداو مانگی هەنگوینی لەکوێ بکات.......؟**

**ئا: رۆشنە عومەر**



ئاڤان محەمەد تەمەنی ۲۲ســـاڵەو تاکو ئێســـتا ژیانی هاوسەری پێك نەهێناوە بەم جۆرە باس لـــەم رۆژەدەکات و دەڵێـــت «حەزدەکەم ئەو کەســـەی دەبێت بەهاوســـەرم کەسێك بێت باری ژیانی لـــەڕووی لایەنی ماددی بـــاش بێت بـــۆ ئەوەی بـــۆ رۆژی بووکێنی بتوانێت جوانترین ئاهەنگم بۆبکات. کەلوپەلی گرانبەهام بۆ بکرێت و هەروەها بتوانێت مانگی هەنگوینی ببمبات بۆدەرەوە.

دواتر هاوژین مستەفا تەمەنی ۱۹ ســـاڵەو لەئێســـتاوە بیر لەو رۆژی بووکێنـــی دەکاتـــەوە بۆئـــەوەی بتوانێت جوانترین بـــووك دەربچێ لەم رۆژەدا لەم بارەیەوە وتی «تائێستا ژیانـــی هاوســـەریم پێك نەهێناوە، بەڵام لەئێستاوە بیر لـــەو رۆژە دەکەمەوە کەچ جـــۆرە بووکێك بم، حەزدەکـــەم بۆئەم رۆژە جلـــی بووکێنیەکەم خەڵك سەرســـام بکات، هەروەها لەم رۆژە زۆر گرنگـــی



بەمکیاج و ئێکسسوارات دەدەم، چونکە بووک بەم شتانە جوان دەردەچێت.

لارین عەلی تەمەنی تەمەنی ٢٥ساڵەو مامۆستایە لەیەکێك لەقوتابخانەکانی شاری هەولێر و تازە دەستنیشان کراوە و وتی: بۆماوەی دوو مانگە دەستنیشان کراوم، تاکو ئێستا ئاهەنگی گواستەوەم نەکردووە و خۆم ئامادەدەکەم بۆم ئەم رۆژە، من و هاوسەرەکەم بەردەوام گفتوگۆدەکەین بۆئەوەی چ رۆژێك دەستنیشان بکەین، چونکە رێکەوتەکە لای من زۆرگرنگە.

هاوژینیش هەمان رای لارینی هەیەو دەڵێت «حەزدەکەم رۆژی ئاهەنگی بووك گواستنەوەکەم لە رێکەوتی «١١/١١»بێت بۆئەوەی ببێت بەرۆژێکی مێژوویی.

ئێستا زۆرێك لەکچان حەز ناکەن لە رۆژی بووکێنی زێڕ ببپۆشن، حەزدەکەن وەکو وڵاتی ئەوروپا بووکێکیی سادە و جوان بن و تەنیا ئێکسسواراتێکی ناسك بپۆشن، لەم بارەیەوە.»نیان ئەحمەد» تەمەن ١٨ساڵە کە لە وڵاتی سوید دادەنیشێ دەڵێت «حەزدەکەم ئەم رۆژە بووکێکی زۆر سادەبم و ئاهەنگێکی بچووك بکەم، چونکە لە وڵاتانی ئەورووپی بووك گواستنەوە زۆر بەسادەیی دەکرێت، منیش حەزدەکەم وەکو ئەوان ئاهەنگەکەم بکەم.

دواتر «ناسکە عومەر» تەمەن ٢٣ساڵە کچی ماڵەوەیە و هەمان رای «نیان»ی هەیەو دەڵێت «حەز لەو دابونەریتەی ئێستا ناکەم کەئێستا خەڵك بەکاری دێنێن. بۆ رۆژی بووك گواستنەوە حەزدەکەم زۆر بەسادەیی ئەم ئاهەنگە بکەم. لەگەڵ ئەوەش رەنگی جلی بووکینیم جیا لە رەنگی سپی، رەش بێت. بە هیچ شێوەیەك ئاڵتون و خشڵ بەکار ناهێنم.

بەهرە عەلی قوتابی زانکۆیە و تەمەن ٢٠ساڵە پێیوایە ئەم رۆژە جیایە لەرۆژەکانی تر، چونکە کچ لەژیانی یەکجار شوودەکات، دەربارەی ئەم رۆژەش دەڵێت بۆیە حەزدەکەم ئاهەنگەکەم و مارەییەکەم زۆر خۆش بێت و لەخۆشترین هۆڵ و هەروەها جوانترین کراسی بووکێنی بپۆشم، هیواداریشم ئەو کەسەی دەبێت بەهاوسەرم، رێگرنەبێت لەحەزەکانم.

لەلای زۆرێك لەکچان پێیانوایە لەم رۆژە پێشکەشکردنی دیاری لەلایەن هاوسەرەکەیانەوە مانای سۆزو خۆشەویستی دەبەخشێت.

لەم بارەیەوە «بەهرە» دەڵێت: لەم رۆژەدا حەزدەکەم ئەم چەپکە گوڵەی لەدەستم هەڵیدەگرم دیاری بێت لەلایەن هاوسەرکەمەوە، چونکە ئەم گوڵە لای من مانای خۆشەویستی دەدات. هەروەها دەڵێت «چاوەڕێی ئەم رۆژەدەکەم، بەڵام بەمەرجێك ئەو کەسەی دەبێتە هاوسەرم خۆشی بوێم، چونکە ئەوکات دەتوانێت هەموو حەزو ئارەزوەکانم جێبەجێ بکات.

لانە تەمەن ٢٥ساڵەو فەرمانبەرە لەیەکێك لەدامودەزگا حکومیەکان و دەڵێت «تائێستا ژیانی هاوسەریم پێك نەهێناوە، بەڵام لەئێستا بیرم لەم رۆژە کردۆتەوە. چونکە ئەمە خەونی هەموو کچێکە، حەزەکەم لەم رۆژە بووکێکی سادەو ناسك بم، حەز لەمکیاج و زێڕ ناکەم، هەروەها رۆژانە لەتیڤیەکانەوە سەیری مودێلاتی جلی بووکێنی دەکەم.

«لارین»یش ئاماژە بەوە دەکات رۆژانە سەیری مۆدێلاتی جلی بووکێنی دەکات بۆئەوەی کراسێکی جوان بۆئەم رۆژە هەڵبژێرێت، هەروەك دەڵێت حەزدەکەم لەم رۆژە مکیاژێکی ناسك و جوان بکەم و بەنیازم لەم رۆژە دیاریەکی جوان لەپێش چاوی خەڵك پێشکەش بەهاوسەرەکەم بکەم.




بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال.. بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504944607
Email: komelayeti@gulan-media.com

# چارەنووسی ئەو کۆرپە ساوایەی لەبەردەرگای ماڵی (ئاسۆ) دا فڕێ درابوو...

**مرۆڤ هەندێجار بە ڕێکەوت (بەڵام چ ڕێکەوتێکی جەرگبڕ) ڕووبەڕووی بارودۆخێکی پڕ دژوار دەبێتەوە بێئەوەی بۆخۆی دەستی لە دروستکردنی ئەو بارودۆخەدا هەبێ. ڕەنگە زۆربەمان لە دۆزینەوەی منداڵێکی (ناشەرعی) ی دایك و باوك نەزانراودا خەم و خەفەت دامانگرێ و ئەسەف بۆ منداڵکە و بێکەسێتییەکەی بکێشین، بەڵام وەختایەك ئەو منداڵە گەورە دەبێت زۆربەمان بەزەحمەت بوونی ئەو منداڵەمان پێ هەزم دەکرێت. بێئاگا لەوەی کە لەو هەڵوێستەماندا دووجاران هەڵە دەکەین، یەکێکیان چ جەور و ستەمێك لەو منداڵە باوان نەزانراوە دەکەین. ئەویدیشیان خۆمان دەخەینە ناو بارودۆخێك کە تیایدا حوکم بەسەر چارەنووسی مرۆڤێکی بچکۆڵەی کەساس و بێدەسەڵات دەدەین و هەر لەخۆوە دەیبوغزێنین، بێئەوەی تەنانەت ئەو مافەشمان هەبێت. لە ڕاستیدا حوکمی ئێمە و کۆمەڵگەش بێبنەما و زاڵمانەن. هەر وەك ئەوەی بەسەر (سروە)دا هات، کە قەدەر ئەوی وەك منداڵێکی دایك و باوك نەزانراو هێنایە دنیا و ئاخیریەکەشی هەر بێ دایك و باوك، بێکەس و بێنەوای هێشتەوە...**



دەنگێکی کز و باریکەلەی منداڵێکی ساوای هاتە بەرگوێ. جار جاریش وەك نوزە نوز دەهاتە بەرگوێ؛ ساتێك بە واق وڕماوییەوە هەستی خۆی ڕاگرت و سەیری تەنیشتەکانی خۆی کرد هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشی نەکەوتە بەرچاو. سەیرە ئەدی ئەو دەنگە چبوو(لە دڵی خۆیدا وتی)، بەڵام دیسان لەپڕ نووزەیەکی ناسکۆڵەی دیکەی کەوتەوە بەرگوێ و هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە بەڕاستی شتێکی گوێ لێبوو. کە سەری بۆ بەر پێی خۆی خوار کردەوە، ئای خودایە ئەوە چییە (بەدەنگێکی تۆزێك گڕ و حەپەساویەوە ئەوەی وت) و چاوەکانی ئەبڵەق بوون، بەینێك تێیڕاما؛ چ ببینێ، منداڵێکی سپیلکەی جوان و خڕپن ڕوومەتەکانی بەهۆی

**دۆزینەوەی منداڵێکی باوان نەزانراو (ناشەرعی)**

بەرەبەیانێکی زوو بوو کە (ئاسۆ) هەر وەك ڕۆژانی دیکەی ئاسا لەخەو ڕابوو، بێئەوەی بەرچاییەکەی بخوات جلوبەرگی خۆی لەبەر کرد و هاتە دەرەوە. وەلێ هەر کە هێندەی بستێك دەرگای کردەوە و نەکردەوە،

بای سارد و سەرماوە سوور سوور هەڵگەڕابوون. (ئاسۆ) دەتوت شتێکی ئەنتیکە و سەیر و سەمەرەی دیتۆتەوە هەر دیقەتی ئەو منداڵەی دەدا کە لەناو قۆنداغێکی سپی توند شەتەك درابوو، هەر نقەنقی بوو دەبزواو ئۆقرەشی نەدەگرت. دیار بوو توندیان بە قۆنداغەکە پێچابوو، چونکە بە بزووتنەکەی بە تەواوەتی دیار بوو کە توند بوو. بەڵام پێشدەچوو لە سەرمان و لە برسانیش زۆر تاقەتی نووزە و گریانی نەمابووبێ، چونکە دەمێك دەگریا و دەمێکیش کڕ دەبۆوە. بڕێ جاریش سەدای دەنگەکەی خۆشئاواز و ناسکۆڵانە دەبوو، وەك ئەوەی لەخۆشی دیتنی دایکی پێبکەنێ. (ئاسۆ) کە دیمەنی منداڵەکەی بینی، بەبێ ویستی خۆی، خۆی خوار کردەوە و لەسەر چۆکان دانیشت و دەستی بۆ منداڵەکە درێژ کرد و بە هێواشی هەڵیگرت وەك ئەوەی زۆر بە وریایی و ئاگاییەوە شتێکی زۆر ناسك هەڵگرێتەوە و هێند پەرۆشانە بەرزی بکاتەوە نەکا لە دەستی بەربێتەوە؛ منداڵەکەی ئەوها میهرەبانانە دە ئامێزی نا. لەگەڵ هەڵگرتنەوەشی وەك غەریزەیەکی باوکانە خزاندییە بن باغەڵی خۆی و لەو کزە بایە ساردەی کە تازە بەو بەیانییە هەڵیکردبوو، پاراستی. (ئاسۆ) هەر لەخۆیەوە بزەیەکی باوکانەی هاتبووە سەر لێوی، دووبارە چاوێکی بە منداڵەکە و بەژن و باڵا خنجیلانەکەی دا خشاندەوە و بەو پەڕی سۆز و جگەرسۆزییەوە ماچێکی نەرمی پڕ بەدڵی خۆی لە ڕوومەتە سڕبووەکانی کرد و بە پرتاو کشایەوە دواوە و بردییە ژوورەوە. (ئاسۆ) بێئاگا لەوەی لەو لاوە لە سووچی کۆڵانەکەی ئەوسەرەوە ئافرەتێك بە عەباکەیەوە بەو سەرمایە، دوور بە دووری زۆر بەوردی و بە خەم و پەژارەیەکی گەورەوە تەماشای ئەو دیمەنەی دەکرد، کە بۆ ئەو چەند جەرگبڕ بوو. کە کابرا منداڵەکەی بردە ژوورەوە، تاوێك وەستا و هەناسەیەکی ئارامی هەڵکێشا و پاڵی بە دیوارەکەی پشتییەوە نا و ریزە فرمێسکێکی گەرم وەك کانیاو بە چاوەکانیدا هاتنە خوارەوە و ڕۆیشت و لە چاو تروکانێکدا بزر بوو.

## منداڵێك کە دیاری خودایە

(شیرین)ی ژنی (ئاسۆ) تازە لەخەو هەڵسا بوو خەریکی هەڵگرتنەوەی نوێن و دۆشەکەکان بوو کاتێك (ئاسۆ)ی بینی منداڵێکی لە ناو قۆنداغێك پێچراوی بە دەستەوەیە و دێتە ژوورەوە؛ بە چاوی ئەبڵەق و سەرسوڕمانەوە لێی پرسی: (ئاسۆ) ئەو منداڵە چییە لە باوەشتە؟ (ئاسۆ) بزەیەکی کرد و تەماشایەکی منداڵەکەی کردەوە و هەر ئەوەندەی وت: دیارییەکی خودایە بۆ ئێمە.

(شیرین و ئاسۆ) چوار ساڵ بوو ژیانی هاوسەریتییان پێکەوە نا بوو، بەڵام لە نیعمەتی منداڵبوون بێبەش ببوون. لە ڕاستیدا منداڵیان هەر نەدەبوو. هۆیەکەشی بە قسەی پزیشکان لە (شیرین) بوو. دیتنەوەی ئەم منداڵە ئەگەر (شیرین) ڕێکەوتی خۆش بوو، بەڵام بۆ (ئاسۆ)ی هاوسەری خۆشتر بوو. چونکە هیچ نەبێ تۆزێك خەمی نەبوونی منداڵ لە دڵی (شیرین) دەڕەوێنێتەوە، بۆیە هەر ئەو دەمە هەردووکیان لە دڵی خۆیاندا بڕیاریاندا کە وەك جگەرگۆشەی خۆیان لە ئامێزی بگرن و بە خێوی بکەن. ئیتر لە دوای وەڵامەکەی (ئاسۆ)، (شیرین) دەستی درێژ کرد و داوای لە هاوسەرەکەی کرد کە منداڵەکەی پێبدات؛ (ئاسۆ) هێندەی دیکە دڵی خۆش بوو، زۆر بە میهرەبانییەوە منداڵەکەی بۆ درێژ کرد و خستییە باوەشییەوە. (شیرین) دوو پەنجەی دەستی بە نەرمی وەك ئەوەی کە پەمۆ بن لە ڕوومەتە خڕپنە سوورەوەبووەکانی خشاند وەك پێیبڵێ: هێی کۆرپەکەم چیدی نە سەرمات دەبێ و نەبرسیشت دەبێ؛ بۆیە ئیتر نابێ چیدی نقەنقی بکەی ها. کۆرپەکەش لەگەڵ لێخشاندی پەنجەکانی ڕوومەتی خۆی بۆ لای پەنجەکان سووڕاند. (شیرین) بە (ئاسۆ)ی مێردی وت: بەستەزمانە زۆری برسییە تا زووە بڕۆ مەمەیەکی شیر و قووتووە شیرێکی نیدۆی کەم چەوری بۆ بکڕە و وەك برووسکە بگەڕێوە. (ئاسۆ) لە خۆشیان بێئەوەی وەڵامی بداتەوە وەك برووسکە دەرپەڕی و هێندەی پێنەچوو بە خۆو بە کەرەستەکان گەڕایەوە. (شیرین) لەچاو تروکانێکدا شیرێکی شلەتێنی بۆ گرتەوە و مەمکەکەی خستە ناو دەمی و منداڵەکەش لە چاوتروکانێدا نیوەی شیرەکەی خوارد و پاشان ئەوەندەی کە مابۆوەش بە کاوەخۆی خوارد و ئەوجا کەوتە ناو خەوێکی شیرینی قوو.

## گەورە بوونی منداڵەکە

خۆشی ئەو منداڵە ئەوەی لەبیر هەر یەك لە (شیرین و ئاسۆ) بردبۆوە کە ئەو منداڵەی بڕیاریاندا بوو بیکەنە منداڵی خۆیان منداڵێکی بێ دایك و باوك بوو. هەر وایان دەزانی کە هی خۆیانە. منداڵەکە کە کچ بوو ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئامێزی ئەو ژن و مێردە بەوەفا و میهرەبانە گەورە دەبوو. ئەوانە مان ڕۆژ کە دیتبوویانەوە ناویان نابوو (ڕۆژین). ساڵان هات و ڕۆی (ڕۆژین) وردە وردە گەورە دەبوو تا تەواوێك هەراش بوو گەیشتە تەمەنی دوانزە ساڵان. ئەم سیانە بەوپەڕی ئارامی و ئاسوودەییەوە ژیانیان دەبردە سەر. بەداخەوە قەدەر وابوو (شیرین) بەرووداوی ئۆتۆمبیل کۆچی دوایی بکات (ڕۆژین) و (ئاسۆ) بەتەنیا مانەوە. جا بەهۆی فشاری خەڵك و ناچاری و و پێویستی (ئاسۆ) ناچار بوو ژنێکی تر بێنێ. بەڵام دوای ماوەیەك لە گواستنەوەی ژنەکەی (ئاسۆ) تووشی دەرد و بەڵای خۆی هاتبوو. چونکە ژن چ ژن هەر بەڵایەك بوو بۆ خۆی. ژنێکی تا بڵێ نەزان و کەللە ڕەق بوو. هەر لەیەکەم ڕۆژەوە بەربەرەکانێی ئەو کچە بەستەزمانەی دەکرد. مامەڵەی خراپ، جنێودانی بەردەوام، کارپێکردنی هەمیشە و تاقەت پڕوکێن. ژیانی (ڕۆژین) کە لە سایەی (شیرین) دایکی بەسەری بردبوو، بەبەراورد بە ژیانی ئێستای لە سایەی ئەو ژنەوە، بەهەشتێك بوو بۆ خۆی. بە هاتنی ئەو ژنە قین لە دڵە ئەو بەهەشتەی لێکرابوە دۆزەخێکی بێئامان. چوار ساڵی ڕەبەق لەگەڵ ئەو ژنە دڵڕەقە ژیانێکی کۆڵەمەرگی بەسەربرد. هەموو ڕۆژێك بە منداڵە زۆڵەکە بانگی دەکرد. ئەم ناونانە ببووە وێردی سەر زاری ئەو ژنە. تاوەکو ڕۆژێکیان (ئاسۆ) چیتر بەرگەی ئەو هەموو سووکایەتییەی ئەو ژنەی بەو کچە ناگرێ و دارکارییەکی باشی ژنە دەکات و وشەی منداڵە زۆڵەکەشی پێ تەرك دەکات. ئیتر ڕێکەوت وا دەکات چەند جارێك ناسیارێکی ماڵی خەزوورانی ژنەکەی پێشتری (واتە شیرین)، بە هۆی کارێکەوە هاتوچۆیان بکەن، ئەوانیش کوڕێکی گەنجیان لەگەڵدا دەبێت. (ڕۆژین) و ئەم گەنجە وردە وردە سەرنجی یەکتر دەدەن. پاش دڵیان دەچێتە سەر یەکتر و حەز لەیەك دەکەن. پاش چەند مانگێك لەو یەکدی خۆشویستنە، ئێوارەیەکی ڕۆژی پێنجشەمە ماڵی باوکی ئەو کوڕە کە ناوی (جەودەت) بوو بۆ خوازبێنی کردنی (ڕۆژین) دەبنە میوانی ماڵی (ئاسۆ). دوای کردنەوەی باسەکە قسمەت وا دەبێ کە هەردوولا ڕێکبکەون و کچە وکوڕەش بەیەك ڕازی دەبن و هەموو شتێك بە خۆشی بەرەزامەندی هەردوولا کۆتایی دێت. دوای ڕۆیشتنی میوانەکان (ئاسۆ) بانگی ژنەکەی دەکات و بەروون و ئاشکرا پێیدەڵێ و ئاگاداری دەکاتەوە کە نەکا بە هیچ شێوەیەك ئەو ڕازە بدرکێنێ کە دایك و باوکی (ڕۆژین) نەزانراوە و نەڵێت کە (ئاسۆ و شیرین) ئەو کچەیان هەڵگرتۆتەوە. هەر چۆنێك بێت دوای مانگێك (جەودەت) تەدارەکی زەماوەند ئامادە دەکات و ناوی خوای لێدێنێ و (ڕۆژین) دەگوازێتەوە.

## (ڕۆژین) تەڵاق دەدرێت

نزیکەی ساڵێك (ڕۆژین) لە ماڵە مێردی دەبێت و ژیانێکی و ئارام خۆش و بێکێشە دەبەنە سەر. بەڵام نیوەڕۆیەکی درەنگ وەخت (جەودەت) بەپرشتاو و بەرەنگی پەڕیو و تووڕەییەکی لەڕادەبەدەرەوە دێتەوە ماڵەوە و یەکسەر خۆ بە ژووردا دەکات و بە (ڕۆژین) دەڵێ : پێمبڵێ کێ دایك وباوکی تۆیە؟ ئایا ڕاستە (ئاسۆ) باوکی ڕاستەقینەی تۆ نییە؟

لێرەدا تا نزیکەی کاتژمێرێك و نیو (جەودەت) دەکەوێتە لێپرسینەوەی (ڕۆژین). دواجار دەگاتە بنج و بنەوانی مەسەلەکە و تێدەگات کە چ قەوماوە. ئیدی ئەویش بڕیاری خۆی دەدات و ڕێك ((ڕۆژین) تەڵاق دەدات و ڕادەستی ماڵی (ئاسۆ)ی باوکی دەکاتەوە. کە (ئاسۆ) دێتەوە دەبینێ (ڕۆژین) لەسەر دەم کەوتووە و هۆڕ هۆڕ دەگریێ. هەر ئەوەندە بە (ئاسۆ)ی باوکی دەڵێ: خودایە چ دەبوو ئەگەر تۆ باوکی ڕاستەقینەم بای. خودا دەزانێ ئەگەر هەر کەسێکی تر بێت بڵێ من باوکی تۆم تفێکی موستەحەقی لە نێوچەوانی دەکەم، چونکە باوکی ڕاستەقینەی من ناوی (ئاسۆ)یە و بەس.

# لەناو زانكۆكاندا پۆشینی جلوبەرگ ململانێ و رای جیاواز دروست دەكات

**زانكۆ وەك هەموو شوێن و جێگەیەك لەئەنجامی تێكەڵاوبوونی بیر و هزرە جیاوازەكان بێبەش نییە لە ململان فیكری و هزرییەكان، وامنیش لەم راپۆرتەدا لەزاری قوتابیانی زانكۆ خۆیانەوە ئەو كێشەو گیروگرفتانەو هۆكارو كارو دەرەنجامەكانیان بەشێوەیەكی وردو میكانیزمێكی هزریانە شیدەكەینەوە:**

**تا: دیار سالار**

**بەناز عەبدولڵا: هەندێكجار ئەوەندە تیروتوانجیان لێداوەو ئازاریان داوە لەرووی دەروونیەوە وبێزاریان كردووە، ناچار بووە بڕواتە ماڵەوەو جلوبەرگەكانی بگۆڕێت.**

خاتوو بەناز عەبدولڵا رەحمان كە قوتابی كۆلیژی ئەدەبیاتە ئاماژەی بەوەدا: كە زۆرجاربووە لەلایەن قوتابیەكانی هاوپۆلیەوە رەخنەی لێگیراوەلەبەرئەوەی كەگوایە بەبڕوای ئەوان جلەكانی رووتن ناگونجێن لەگەل داب ونەریتە كۆمەڵایەتیەكاندا و نابێت ئەم جۆرە جلانە لەبەر بكات، بەڵكو دەبێت جلوبەرگی درێژ لەبەر بكات و حیجاب ببپۆ شێت، تەنانەت هەندێكجار ئەوەندە تیروتوانجیان لێداوەو ئازاریان داوە لەرووی دەروونیەوە و بێزاریان كردووە و ناچار بووە بڕواتە ماڵەوەو جلوبەرگەكانی بگۆڕێت و جلێك لەبەر بكات كەبەدڵی هاوپۆلەكانی بێت. ناوبراو وای دەبینی نەبوونی رۆشنبیری كەسێتی هۆكارێكی سەرەكیە بۆهەموو كێشەكان، چونكە نابێت كەس ئەو دەستەڵاتە بدات بەخۆی و هەموو ژیانی هاوپۆلەكەی سنووردار بكات بەئارەزووی خۆی جۆری جلوبەرگ پۆشینی بۆ دابنێت.

**خاتوو بەیان ئەسعەد: برادەر هەبووە ماوەی هەفتەك یان مانگێك قسەی لەگەڵم نەكردووە، چونكە جلەكانم مۆدێرن بووە**

**خاتوو بەیان ئەسعەد قوتابی كۆلیژی كارگێڕی و ئابووری** :وای دەبینی هەموو كێشەكان كەئەمڕۆ كۆمەڵگەیان هەراسانكردووە، دەرئەنجامی دابونەریتە كۆمەڵایەتیەكانن، تاكەكان بەشێوەیەكی راستەوخۆ دەیانگوێزنەوە بۆ زانكۆ، لەبەر ئەوەی تاكەكانی ناو كۆمەڵگەی ئێمە سەرجەمیان دیلی دابونەریتەكانن، هەموو كێشەكانیش هەڵقوڵاوی ئەو دابونەریتە كۆمەڵایەتیانەن، زۆرجار لەناو زانكۆ برادەرم هەبووە ماوەی هەفتەیەك یان مانگێك قسەی لەگەڵم نەكردووە، چونكە



جلەکانم مۆدیرن بووە و بەڕای ئەو نابێت کچێك جلەکەی مۆدێرن بێت و دەبێت هەموان جلەکانیان جلی گونجاو بە داب ونەریت بێ بێت، وەك ئەوەی هەندێك لەو کەسانە دەیانەوێت.

**خاتوو نیان عەبدولواحید:** ئەو جلانەی کە ئێمە لەبەری دەکەین جلێکی ڕەسمی ڕۆژانەیە لەهەموو جیهاندا بەکاردێت و زۆر ئاساییە کە هەموو کەسێك لەبەریبکات، بەڵام تاکەکانی کۆمەڵگە بەچاوێکی نامۆ تەماشایان دەکەن

**خاتوو نیان عەبدولواحید کە قوتابی زانکۆیە ئاماژەی بەوەدا:** کە زۆربەی ئەوکچانەی کە بیروباوەڕی ئازادیان هەیە لەناو زانکۆدا جلوبەرگی مۆدیرن لەبەر دەکەن ڕۆژانە لەناو زانکۆدا تووشی کێشە دەبن، چونکە بەشێکی زۆری قوتابیانی زانکۆ کەسانی کولتوورین و مرۆڤی خێڵەکین و دژایەتی کچە قوتابیە نوێخوازەکانی ناو کۆلیژ دەکەن و بەوە تاوانباریان دەکەن کە گوایە ئەم کچانە جلوبەرگەکانیان ناگونجێت لەگەڵ نەریتی کۆمەڵایەتیدا کە لەکاتێکدا ئەو کچانە هەمووی جلەکانیان مۆدێرنە و جلی ڕەسمی ڕۆژانەیەو زۆر ئاساییە کە هەموو کەسێك لەبەری بکات، بەڵام تاکەکانی کۆمەڵگە بەچاوێکی نامۆ تەماشایان دەکەن، چونکە تاکەکانی ناو ئەم کۆمەڵگەیە دژایەتیان دەکەن و بەئاشکرا دەیانەوێت ئەو کچانە ناوبانگیان بزڕێت.

**خاتوو ئارەزوو ئەحمەد:** چەندین جار بیستوویەتی کە قسەی بۆهەڵبەستراوەو تاوانبارکراوە، چونکە جلوبەرگی ئەم زۆر رووتن ناگونجێن لەگەڵ دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان و کولتووری کۆمەڵگەی ئێمەدا..

**خاتوو ئارەزوو ئەحمەد:** ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ناوبانگی زڕێنراوە و قسەی زۆری لەسەر کراوەو تەنانەت بوختانیشی لەلایەن هەندێك لە هاوپۆلەکانیەوە پێکراوە، لەبەر ئەوەی کەجلوبەرگی مۆدیرن لەبەر دەکات، چەندینجار بیستوویەتی کە قسەی بۆهەڵبەستراوەو تاوانبارکراوە، چونکە جلوبەرگی ئەم رووتن ناگونجێن لەگەڵ دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان و کولتووری کۆمەڵگەی ئێمەدا، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کەتەنیا تاوانی ئەو ئەوەیە کەئەو جلانەی کەلەبەری دەکات جلوبەرگی زۆر ئاساین لەهەموو جیهاندا قوتابیانی زانکۆ و خەڵکانی ڕۆشنبیر لەبەری دەکەن و لە هیچ پارچەیەکی دنیادا کەس لەبەر جلوبەرگەکانی سزا نەدراوە تەنیا لای ئێمە نەبێت کەمرۆڤ لەبەر جلوبەرگی بوختانی پێبکرێت و لە ڕووی دەروونیەوە ئازاربدرێت.

**خاتوو هیرۆ حەمید:** زۆر لەو کچانە گلەیی لە کۆمەڵگە دەکەن بەوەی کە ڕۆژانە تووشی کێشە دەبن خۆیان بەرپرسن، چونکە جلوبەرگی ڕووت و بێمانا لەبەر دەکەن و خۆیان بەشێوازێکی ناشیاو دەڕازێننەوە کە ناگونجێت لەگەڵ داب ونەریتی ئێمەدا

**خاتوو هیرۆ حەمید:** ڕای پێچەوانەی هەبوو بەوەی دەبێت کاتێك کەسێك جلێك لەبەر دەکات پێویستە ڕێزی دەوروبەرەکەی بگرێت و خۆشی وەها لێنەکات کە لەوانی تر جیاواز بێت، واتا نابێت ئەو جلە ببێتە هۆیەك بۆ سەرنجڕاکێشانی دەوروبەر، بەڵکو دەبێت جلوبەرگ و هەڵسووکەوتمان بگونجێت لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگەدا، نابێت هێڵی سوور ببەزێنین، چونکە ئێمە کەسانی ڕۆژهەڵاتین و کۆمەڵگایەکیشمان هەیە زۆر پابەندە بەدابونەریتەکان، لەبەر ئەوە نابێت جلەکانمان وەهابێت کێشەمان بۆدروست بکات.

**خاتوو سەوسەن عبدولواحید وەك قوتابیەکی کۆلیژی پەروەردە وای دەبینی:**
یەکێك لەگەورەترین گرفت لەبەردەم ئەواندا ئەوەیە کە کچان ناتوانن لەناو کۆلێژدا بەئازادی جلوبەرگ لەبەر بکەن لەبەر ئەوەی کە هەندێك قوتابی بەتایبەتی ئەوانەی کەئاراستەی ئاینیان توندڕەوانەیە و پابەندن بە دابونەریتی کۆنەخواز زۆرجار هەراسانیان دەکەن و داوایان لێدەکەن کە جلوبەرگی درێژ لەبەر بکەن و حیجاب بپۆشن، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا ئەو کەسانە ئازادن خۆیان چۆن بژین، بەڵام نابێت دەستەڵاتێك بدەن بەخۆیان کە ئازادی کەسانی تر پیشێل بکەن و لەرووی دەروونیەوە ئازاریان بدەن، هەندێك جار بووە کە قوتابیانی پۆلەکەی قسەیان لەگەڵ نەکردووە، چونکە ئەم نەبۆتە باڵاپۆش(محجبە) وەك کچەکانی تر و جلوبەرگی مۆدێرنی لەبەر کردووە.

ئاماژەی بەوەدا کە ئەمڕۆ لەناو قوتابیاندا و بەگشتی و قوتابیانی کچدا بەتایبەتی چینێك هەن کەزۆر پابەندن بە دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان و زۆریان باڵاپۆشن (معبەبەن) دەیانەوێت هەموو هاوپۆلەکانیان وەك خۆیان بن، کەئەمەش تاڕادەیەك ئازادی کچەکانی تر پێشێل دەکات، چونکە نابێت و ناکرێت تۆ ئازادی کەسی بەرامبەرت پێشێل بکەیت و دەست بخەیتە ناو ئەو شتانەی کەتایبەتن بە ئارەزووی خودی یان سەربەستییەکانی کەسی، چونکە هەموو کەسێك ئازادە چ جۆرە جلوبەرگێك لەبەر دەکات، ئەوکەسە ئازادە خۆی حیجاب بکات یان دەتوانێت نیقابیش ببەستێت و بۆئەوەی کەس نەیبینێت، بەڵام نابێت زۆر لە هاوپۆلەکانی بکات، هەرچەندە ئەگەر لەرووی دەروونییەوە تەماشابکەین ئەو کەسانە تاڕاددەیەك ڕەنگە ئارەزووی خۆسەپاندنیان تیادا دروست بووە، چونکە لەخێزانێکدا گەورەبوونە کەهەموو شتەکان بەسەریاندا سەپێنراوە.

